HEARTLAND ALLIANCE INTERNATIONAL

ڕێکخراوی هارتلاند ئەڵاینسی نێودەوڵەتی

# دادوەری نەوجەوانان

# KNOW YOUR RIGHTS

## مافی خۆت بزانە

## Protect the Future : Juvenile Justice Reform in Iraq

## پرۆژەی پاراستنی داهاتوو : چاکسازی دادوەری نەوجەوانان لە عێراق



HEARTLAND ALLIANCE INTERNATIONAL




سلێمانی: تاوەری جاف ، نهۆمی دووەم
053 322 3339

هەولێر: گوندی ئیتاڵی، خانووی ژمارە 227
0771 405 0989

www.heartlandalliance.org

بۆ بەدەست هێنانی خزمەتگوزاری یاسایی تایبەت بە نەوجەوانان،
تکایە پەیوەندی بەم دەزگایانەوە بکەن:

بەغدا: ڕێکخراوی فریاکەوتنی میللی (PAO)
baghdadpao@gmail.com
00964 (0) 781 007 1849

دهۆک: ڕێکخراوی فریاکەوتنی میللی: (PAO)
erevan.lawyer2@gmail.com
00964 (0) 750 431 6986

هەولێر: ڕێکخراوی (مەسەلە) بۆ پەرەپێدانی توانا مرۆییەکان: (Al–Mesala)
hazim@almesalla.net
00964 (0) 751 533 1316

بەسرە: کۆمەڵەی (ئەل مەناهل) بۆ پەرەپێدان بە ژنان: (Al–Manahil)
almanahilwd@gmail.com
00964 (0) 771 192 3298

سلێمانی: سەنتەری پەرەپێدانی دیموکراسی و مافی مرۆڤ: (DHRD)
dhrd2002@yahoo.com
00964 (0) 751 502 1804
053 329 2431

## چ کاتێک منداڵ یاخود نەوجەوان پەرتەوازە دادەنرێت ؟

- ئەگەر لە شوێنە گشتیەکان وەک سواڵکەر بەدیکرا یا ئەنقەست خۆی بە بریندار یان کەمئەندام دەرخست یاخود هانای بۆ فێڵ کردن برد بۆ ڕاکێشانی سۆزی خەڵک بە مەبەستی سواڵکردن .
- ئەگەر کاری بۆیاغ کردنی پێڵاو یاخود فرۆشتنی جگەرە یا هەر کارێکی تر کە دووچاری تاوانی بچووکی دەکات و تەمەنی لە ١٥ ساڵ کەمتر بوو .
- ئەگەر شوێنی نیشتەجێی دیاریکراوی نەبوو یاخود شوێنە گشتیەکانی بەکارهێنا بۆ مانەوە.
- ئەگەر هۆیەکی ڕێگاپێدراوی نەبوو بۆ دابینکردنی ژیان و گوزەران یاخود بەخێوکەر یان سەرپەرشتیاری نەبوو .
- ئەگەر بە بێ هۆکار ماڵەوە یا ئەو شوێنەی بەجێهێشت کە تێیدا دانرابوو بە بێ پاساوێکی گونجاو .
- ئەگەر هەر کارێک یا پیشەیەکی ئەنجامدا لەگەڵ کەسانی بێگانە ( لەدەرەوەی خێزانەکەی ) .

## چ کاتێک منداڵ یاخود نەوجەوان بە لادەر لە ڕەفتار دادەنرێت؟

- ئەگەر لە شوێنی لەشفرۆشی یا قومارخانە یا یانەی خواردنەوە کاربکات .
- ئەگەر تێکەڵاو بێت لەگەڵ منداڵانی پەرتەوازە یان بەدڕەفتار .
- ئەگەر لە سەرپەرشتیارەکەی یان خێزانەکەی هەڵگەڕایەوە .

## ئایا ئەرکەکانی سەرپەرشتیاران (باوان / خێزانەکان) چیە؟

- سەرپەرشتیار ڕووبەڕووی سزای دارایی یاخود بەند کردن دەبێتەوە ئەگەر کەمتەرخەم بوو لە چاودێری کردنی منداڵ یا نەوجەوان بەجۆرێک کە ببێتە هۆی پەرتەوازە بوون یا لادانی ڕەفتار ، یاخود ئەم کەمتەرخەمیە بووە هۆی ئەنجامدانی کەتن یاخود تاوانی بە ئەنقەست یاخود بووە پاڵنەری نەوجەوان بەرەو پەرتەوازەبوون و لادانی ڕەفتار.
- سەرپەرشتیاران بەرپرسیاردەبن کاتێک منداڵەکانیان کە لە خوار تەمەنی (١١) ساڵیەوە کردەوەیەک ئەنجامدەدەن کە یاسا سزای بۆداناوە، لەم حاڵەتەدا دادگا دەتوانێت بڕیار بدات کە منداڵەکە ڕادەستی باوک و دایکی بکات بۆ جێبەجێ کردنی بڕیاری دادگا و ڕاسپاردنیان بە پارێزگاری کردن لە ڕەوشتی منداڵەکە بە پێی بەڵێننامەیەک کە بەستراوەتەوە بە بڕێک پارە بۆ ماوەیەک کە لە دوو ساڵ کەمتر نەبێت و لە پێنج ساڵ زیاتر نەبێت .
- دادگای نەوجەوانان بۆی هەیە مافی سەرپەرشتیکردن لە سەرپەرشتیاری منداڵەکە وەربگرێتەوە ئەگەر سەرپەرشتیارەکە بە تاوانی پەیوەندیدار بە ڕەوشت یاخود ئاکاری گشتی سزادرابێت ئەوا پێشتر داوا لە نوسینگەی توێژینەوەی کەسێتی نەوجەوانان دەکرێت کە توێژینەوەیەکی کۆمەڵایەتی ئەنجام بدات و پشکنینی پزیشکی و دەرونی بۆ منداڵەکە یا نەوجەوانەکە ئەنجامبدات بۆ زانینی ئاستی کاریگەری وەرگرتنەوەی مافی سەرپەرشتیکردنەکە .
- پێویستە لەسەر سەرپەرشتیاری نەوجەوان کە هاوکاری چاودێرانی ڕەفتار بکات بۆ جێبەجێکردنی بڕیاری چاودێریکردنەکە کە لە بەرژەوەندی نەوجەواندا بێت و ئاگاداریان بکاتەوە لە هەموو گۆڕانکاریەک کە لە هەڵسوکەوتیدا ڕوودەدات .
- ئەگەر سەرپەرشتیار کەمتەرخەم بوو یاخود ڕێگر بوو لەبەردەم پرۆسەی چاودێریکردنەکە ئەوە دادگای نەوجەوانان بڕیار دەدات بە سەپاندنی سزادانی دارایی بەسەریدا .

## ڕۆڵی داواکاری گشتی چیە؟

داواکاری گشتی ڕۆڵی کاریگەر دەبینێت لە زامن کردنی مافەکانی نەوجەوانان و ڕێگرتن لە سوکایەتی پێ کردن و ئەشکەنجەدان و جوڵاندنی سکاڵا دژی ئەنجامدەرانی لە سەرجەم قۆناغەکانی دادگاییکردندا، و تانەدان لەهەر بڕیارو ڕێکارێک لەکاتی لێکۆڵینەوەو دادگایی کردن دەردەچێت و ئەگەر ڕەچاوی جێبەجێکردنی دروستانەی یاسای تێدا نە کرابێت هەروەها پێویستەکاربکات بۆ چاودێری کردنی دەزگا چاکسازیەکان و وەرگرتنی سکاڵای نەوجەوانان و خانەوادەکانیان و بەدواداچوونیان .

## ڕۆڵی توێژەری کۆمەڵایەتی :

توێژەری کۆمەڵایەتی ڕۆڵی سەرەکی و گرنگی هەیە لە پرۆسەی دادوەری نەوجەوانان، کە هەڵدەستێت بە ئەنجامدانی هەڵسەنگاندن بۆ دۆخی تەندروستی و عەقلی و دەروونی نەوجەوانان، هەروەها ئامادەکردنی ڕاپۆرت کە چەند ڕاسپاردەیەکی دیاریکراو لەخۆدەگرێت و پێشکەشکردنی بە دادگای لێکۆڵینەوە و دادگای تایبەتمەند بە نەوجەوانان ، بەجۆرێک یارمەتیدەربێت لە هەڵبژاردنی ڕێوشوێن (تدبیر)ی گونجاو بۆ بارودۆخی نەوجەوانانی لادەر .

## ڕۆڵی پارێزەر

- بوونی پارێزەر لە قۆناغی لێکۆڵینەوە و دادگاییکردن زامنی بوونی دادبینیەکی ڕەوایە ، دادگایی کردنی نەوجەوان بەبێ ئامادەبوونی پارێزەر بە پوچەڵ دادەنرێت .
- پارێزەر مافی هەیە کە پەیوەندی بە بریکاردارە نەوجەوانەکەیەوە بکات و بە تەنها گوێی لێ بگرێت سەبارەت بە ڕووداوەکانی داواکە و گفتوگۆی لەگەڵ بکات لەسەر دانانی پلانی بەرگری گونجاو .
- پارێزەر مافی هەیە کە سەرجەم بەڵگەکانی ناو دۆسێکە تەماشابکات بە کاتێکی گونجاو پێش دەستپێکردنی دادبینی .
- پێویستە لەسەر پارێزەر کە هەموو هەوڵی خۆی بخاتە گەڕ بۆ بەرگری کردن لە بریکاردارەکەی .
- لەسەر دادگای نەوجەوانان پێویستە ڕەزامەندبێت لەسەر بەرگریکردن لە نەوجەوان لەلایەن هەریەک لە سەرپەرشتیار یان یەکێک لە نزیکەکانی یاخود یەکێک لە نوێنەرانی دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکان بە بێ بوونی بریکارنامەی نوسراو، بەلەبەرچاوگرتنی حوکمەکانی مادەی ١٤٤ لە یاسای بنەماکانی دادگایی سزایی. (مادەی ٦٠ لە یاسای چاودێری نەوجەوانان) .
- لەسەر پارێزەری دەستنیشانکراو پێویستە لە دانیشتنەکانی دادبینی دا ئامادە بێت و بەرگری لە گومانلێکراو بکات یاخود پارێزەری دیکە بکاتە نوێنەری خۆی لە پارێزەرانی دەستنیشانکراو. مادەی ١٤٤ برگەی (ب) لە یاسای بنەماکانی دادگایی سزایی.

### لە یادت بێت :

پارێزەر باوەڕپێکراوە و بەرپرسیارە لە پاراستنی ئەو نهێنی و زانیاریانەی کە بە هۆی کارەکەیەوە دەیبینێت لە کاتیکدا کەمتەرخەمی کرد لە ئەرکەکانی لە پاراستنی نهێنی ئەو زانیاریانە یان پێشێلی بنەمای تایبەتمەندێتی کرد، بۆیە پێویستە متمانە بە پارێزەر بکەیت و بەزووترین کات پارێزەرەکەت ئاگادار بکەیت بەمەبەستی بینین و باس کردنی کەیسەکەت بە شێوەیەکی وورد هەروەها باس کردنی ئەو کردەوانەی ڕوو بەڕووت بۆتەوە لەکاتی لێکۆڵینەوەدا بە ڕاستگۆیی و بێلایەنی . هەر پارێزەرێک سەرپێچی بکات لە ئەرکە پیشەیی و ئاکاریەکانی یان کەمتەرخەمی بکات لە بەجێگەیاندنی کارەکەیدا ئەوە ڕووبەڕووی لێپیچینەوە و بەرزەفتکردن دەبێتەوە لە لایەن سەندیکای پارێزەرانەوە یاخود ڕووبەڕووی لێپێچینەوەی تاوانکاری یان مەدەنی دەبێتەوە لەبەردەم دادگای تایبەتمەند .

## مافی خۆت بزانە

### پرۆژەی پاراستنی داهاتوو ، چاکسازی دادوەری نەوجەوانان لە عێراق

پرۆژەی پاراستنی داهاتوو هەوڵدەدات بۆ ئەنجامدانی چاکسازی دادوەری نەوجەوانان لە عێراق لە ڕێگەی کارکردن لە هەر پێنج پارێزگای: (بەغدا ، بەسرە ، هەولێر ، دهۆک و سلێمانی)، و هەوڵ دەدات لە پێناو باشتر کردنی پابەندبوون بە پێوەرە نێودەوڵەتیەکان و ئەو یاسا نیشتیمانیانەی کە پەیوەندیان بە نەوجەوانانی لادەرەوە هەیە ، هەروەها ڕەخساندنی هەل لەبەردەم گرووپە لاوازەکان بۆ گەیشتن بە دادپەروەری کە منداڵ و هەرزەکاران دەگرێتەوە .

ڕێکخراوی هارتلاند ئەڵاینسی نێودەوڵەتی (HAI) بە هاوکاری هاوبەشە ناوخۆییەکانی لە ڕێگەی ئەم پرۆژەیەوە هەوڵ دەدات کە کۆمەڵێک سیاسەت و پرەنسیپی ئاڕاستەکاری پێشنیاز بکات بۆ جێگرەوەکانی دەستبەسەرکردن و خراپ مامەڵە کردن لەگەڵ نەوجەوانان؛ هەروەها پەرەپێدانی توانای دادوەران و ئەندامانی داواکاری گشتی و کارمەندان و هێزەکانی جێبەجێ کردن و توێژەرە کۆمەڵایەتیەکان ، هەروەها هەوڵدەدات بۆ باشترکردنی شێوازی کارکردنی ڕێکخراوە ناحکومیەکان، پارێزەرانی تایبەتمەند و پێشکەشکردنی یارمەتی تەکنیکی بۆ هاوبەشەکان ،هەروەها کارکردن بۆ جێبەجێ کردنی پرۆگرامی داکۆکیکردن و بەدەستهێنانی خزمەتگوزاری یاسایی، پێداچونەوەی یاسا نیشتمانیەکانی تایبەت بە نەوجەوانان، ئەم پرۆگرامە بە پاڵپشتی دارایی یەکێتی ئەوروپا جێبەجێ دەکرێت .

**ئەم خزمەتگوزاری یاساییانەی خوارەوە بێ بەرامبەر پێشکەش دەکەین لە کەیسی نەوجەوانان :**

- پێشکەشکردنی پاڵپشتی یاسایی بۆ نەوجەوانان و هاوەڵی کردنیان لە میانەی لێکۆڵینەوە .
- نوێنەرایەتی کردنی نەوجەوانان و بەرگری کردن لێیان لەبەردەم دەسەڵاتی دادوەری تایبەتمەند .
- پەیوەندی بەردەوام لەگەڵ سەرپەرشتیار یاخود باوان و پێشکەشکردنی ڕاوێژی یاسایی پێویست .
- ڕەوانە کردن بۆ ڕێکخراوی پەیوەندیدار .

ئامادەکردن و چاپ کردنی ئەم بڵاوکراوەیە بە پاڵپشتی دارایی یەکێتی ئەوروپا ئەنجام دراوە. زانیاریەکانی ناو ئەم بڵاوکراوەیە بە تەنها ڕێکخراوی ( HAI ) لێی بەرپرسیارە و بە هیچ شێوەیەک گوزارشت لە بۆچوونی یەکێتی ئەروپا ناکات .

This document has been produced with the financial assistance of the European Union. The contents of this document are the sole responsibility of the HAI and can under no circumstances be regarded as reflecting the position of the European Union .

## مافە سەرەتاییەکانی نەوجەوانان

**نەوجەوان کێیە ؟**

نەوجەوان بە پێی پێناسەی یاسایی هەر کەسێک دەگرێتەوە کە تەمەنی ١١ ساڵی تەواو کردووە و ١٨ ساڵی تەواو نەکردووە لە هەرێمی کوردستان، ٩ساڵی تەواو کردووە و ١٨ ساڵی تەواو نەکردووە لە ناوەڕاست و باشووری عیراق .

### ئایا دەکرێت لێپرسینەوەی یاسایی لەکەسێک بکرێت کە تەمەنی لە بەرپرسیارێتی تاوان بەدەر بێت ؟

یاسای دیاریکردنی تەمەنی لێپرسراوێتی تاوان لە هەرێمی کوردستان ژمارە ١٤ ی ساڵی ٢٠٠١ ، تەمەنی بەرپرسیارێتی تاوانی بە تەواو کردنی (١١) ساڵ داناوە، بەپێی بەندی (٢) هەربۆیە :

- **بەرپرسیارێتی تاوان لە ئەستۆ ناگیرێت بۆ ئەو کارانەی کە لە لایەن منداڵانی کەمتر لەو تەمەنە ئەنجام دراوە .**
- **نابێت هیچ منداڵێکی کەمتر لەو تەمەنە دەسگیر بکرێت یان ڕابگیرێت یاخود لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا بکرێت .**

### مافەکانی نەوجەوان لە کاتی دەسگیرکردن و لێکۆڵینەوەی سەرەتاییدا :

- ✓ **نەوجەوانی دەسگیرکراو دەبێت دەستبەجێ رادەستی پۆلیسی نەوجەوانان بکرێت لەو جێگایانەی پۆلیسی نەوجەوانان بوونیان هەیە، ئەگەر لە لایەن هەر هێزێکی ئەمنی دیکە وە دەسگیرکرا، بەمەبەستی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە لەگەڵیدا پێویستە لە نزیکترین ماوەدا نەوجەوانی دەسگیرکراو ڕەوانەبکرێت بۆلای دادوەری لێکۆڵینەوەی نەوجەوانان .**
- ✓ **پێویستە دەستبەجێ سەرپەرشتیاری نەوجەوان ئاگاداربکرێتەوە لەسەر دەستگیرکردن و هۆکارەکان و شوێنی دەستبەسەرکردنەکەی .**
- ✓ **سەرپەرشتیار بۆی هەیە نەوجەوانەکە ببینێت و رێگای پێبدرێت بە ئامادەبوون لە لێکۆڵینەوەکان وەبۆی هەیەبەرگری لێبکات بەپێی بەندی (٦٠) لەیاسای چاودێری نەوجەوانان .**
- ✓ **نەوجەوان مافی بێدەنگ بوونی هەیە پاڵپشت بەبەندی (١٢٦ / ب ) لەیاسای بنەماکانی دادگایی سزایی و دەتوانێت پارێزەر بکاتە نوێنەری خۆی .**
- ✓ **نەوجەوان نابێت ڕووبەرووی هیچ جۆرە فشار و زۆرلێکردنێک ببێتەوە بۆ دانپێدانان لەسەر هەندێک زانیاری کە دواتر لە دژی بەکاربهێنرێت پاڵپشت بەبەندی (١٢٧ و ٢١٨) لەیاسای بنەماکانی دادگایی سزایی .**
- ✓ **نەوجەوان مافی سەردانی پزیشکی تایبەتمەندی هەیە بۆ پشکنینی باری جەستەیی و دەروونی ڕوونکردنەوەی کاریگەری لەسەر بەرپرسیارێتی سزایی و کاریگەری بۆ ئەنجامدانی تاوانەکە بەپێی بەندی ٣ مادەی ١٤/ آ .**

**ئەشکەنجەدان تاوانە کە بە یاسا سزای بۆ دانراوە**


ئەشکەنجەدان تاوانە و سزای بۆ دانراوە بە پێی ماددەی٣٣٣ لە یاسای سزادانی عیراقی و هەروەها قەدەغەکراوە بەپێی ماددەی ٣٧ بڕگەی ج لە دەستووری عیراقی، بە جۆرێک رێگە دەگرێت لە بەکارهێنانی هەر شێوازێک لە شێوازەکانی ئەشکەنجەدان و توندوتیژی و خراپ مامەڵەکردن و شکاندنی کەرامەتی هەر مرۆڤێک لەژێر هەر بارودۆخێکدا بێت هەروەها ئەشکەنجەدان، ناچارکردنی جەستەیی و دەروونیش دەگرێتەوە .

**مافی پاراستنی تایبەتمەندێتی بەپێی ماددەی 63ی یاسای چاودێری نەوجەوانان**

پاراستنی داتا و زانیاری تایبەت بە نەوجەوانان لە بڵاو بوونەوە و ئاشکرا نەکردنی بۆ هەر کەسێک یاخود لایەنێک کە رێگەپێدراو نیە بە بینینی ، لە سەرجەم قۆناغەکانی لێکۆڵینەوە و دادگاییکردندا هەروەها رێگە نەدان بە وەرگرتنی پەنجەمۆر و کردنەوەی دۆسیەی تاوان بۆ نەوجەوان .

### مافەکانی نەوجەوان لە ماوەی لێکۆڵینەوە و دادگایی کردندا :

- **دەستبەجێ پەیوەندی کردن بە سەرپەرشتیاری نەوجەوان و ڕێگادان بە بینینی و ئامادەبوون لە دانیشتنەکانی لێکۆڵینەوە .**
- **لێکۆڵینەوە لەگەڵ نەوجەوان دەکرێت تەنها لەکاتی ئامادەبوونی سەرپەرشتیار و توێژەری کۆمەڵایەتی هەروەها (پارێزەر گەر نەوجەوان داوابکات) .**
- **دانیشتنەکانی لێکۆڵینەوە نهێنین و رێگە نادرێت بە ئامادەبوونی کەسانی تر جگە لەو کەسانەی کە بە پێی یاسا ڕێگاپێدراون .**
- **ئاگادارکردنەوەی نەوجەوان بە زمانێکی سادە کە تێبگات سەبارەت بەو تۆمەتانەی کە ئاڕاستەی کراوە و ئەو ڕووداوانەی کەلەبارەیەوە لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا دەکرێت و ئەو ڕێوشوێنانەی کە ڕەنگە دادوەر لە بەرامبەری بیگرێتە بەر .**
- **تێگەیاندنی نەوجەوان لە مافە بنەڕەتیە دەستووری و یاسایی یەکانی کە بریتین لە :**
  - ✓ مافی بێدەنگبوون .
  - ✓ مافی گریمانەی بێتاوانی .
  - ✓ مافی ڕێزگرتن لە بنەمای ڕووبەڕووبوونەوە بۆ ڕەتکردنەوەی ئەو تۆمەتەی کە خراوەتە پاڵی و گفتوگۆی لەگەڵ شایەتی سەلماندن و پێشکەشکردنی شایەتی دژ .
  - ✓ مافی بینینی سەرجەم بەڵگەکانی ناو دۆسێکە ی هەیە (ووتەی تۆمەتبار و دادخواز و شایەتەکان ) .
- **کۆتایی هێنان بە لێکۆڵینەوە بە زوترین کات کە لە ٢٤ کاتژمێر زیاتر نەبێت ، بۆ پاراستنی ئابڕووی نەوجەوان و ڕێگەگرتن لە ناوزڕاندنی نەوجەوان لە کاتی سەلماندنی بێتاوانی لەو تاوانانەی کە لە بارەیەوە لێکۆڵینەوەی لەگەڵ دەکرێت .**
- **بەکارنەهێنانی هیچ فشار و زۆرلێکردنێک بەرامبەر نەوجەوان بۆ ناچارکردنی لە دانپێدانان و پێدانی زانیاریەک کە دواتر لەدژی بەکار بهێنرێت و پرسیاری لێبکرێت دەربارەی ئەوەی کە ئایا ڕووبەرووی هیچ جۆرە فشارێک بۆتەوە .**
- **نەوجەوان بۆی هەیە داوای بینینی پزیشکی تایبەتمەند بکات بۆ پشکنینی باری جەستەیی و ژیری و تەندروستی و دەروونی .**
- **مافی ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی باڵای نەوجەوان لەهەر ڕێوشوینێک (تدبیر) کە لە بەرامبەری دەگیرێتە بەر ، بە تایبەتی مافی مانەوەی لەگەڵ کەسوکاری و بەکارنەهێنانی سنووردارکردنی ئازادی تەنها وەک دوایین ڕێو شوێن (تدبیر) لەکاتی نەبوونی ڕێوشوێنی (تدبیر) دیکە .**
- **مافی تانەدان لە بڕیارەکانی دادوەر و تانەدان لە بڕیارەکان لەبەردەم دەسەڵاتی دادوەری باڵاتر .**



### ئایا ئەو ڕێوشوێنانە چین کە دادگا بڕیاری لەسەر دەدات لە ئەنجامی دادگایی کردنی نەوجەوان ؟

- ئازادکردنی نەوجەوان بە بێ مەرج (ئازادکردنی یەکجارەکی) ؛ ئەمەش لە کاتێکدا نەتوانرا تاوانەکە بسەلمێنرێت یاخود نەبوونی بەڵگەی پێشکەشکراوی پێویست .
- دانانی لە ژێر چاودێریکردنی ڕەفتار .
- دانانی لە یەکێک لە بنکەکانی تایبەت بە چاودێری نەوجەوانان .
- ئازادکرنی مەرجدار. نەوجەوان دەتوانێت داوای ئازادبوونی بەمەرج بکات دوای تەواو کردنی ٣/٢ ی سزاکەی و پاش پێشکەش کردنی راپۆرتی توێژەری کۆمەڵایەتی لە چاکسازی نەوجەوانان لەسەر باشبوونی رەفتار و ئاکاری، لەو تاوانانەی کەئازادبوونی بەمەرج دەیگرێتەوە .

### ئایا مافەکانی نەوجەوان چین لەکاتی دانانیان لە بنکەکانی چاکسازی؟

- مافی جیاکردنەوەیان لە گەوران .
- مافی پەیوەندی کردنیان بە دونیای دەرەوە .
- مافی دەستەبەرکردنی خزمەتگوزاری تەندروستی و دەرونی و دەرمان .
- مافی دەستەبەرکردنی خۆراکی پێویست بە بڕ و جۆری جیاواز .
- مافی دەستەبەرکردنی جێگای نوستنی پێویست و کەلوپەلی پاکژکردنەوە .
- مافی هەواگۆڕکێ و خۆدانە بەر تیشکی خۆر و وەرزش کردن .
- مافی بەردەوامبوون لە خوێندن و چوون بۆ قوتابخانە .
- مافی سوود وەرگرتن لە پرۆگرامەکانی ڕاهێنان و شیاندنەوەی بۆ ناو کۆمەڵگا .
- مافی پاراستنیان لە رووبەرووبوونەوەی هەر شێوازێکی خراپ مامەڵەکردن، مافی تۆمار کردنی سکاڵای یاسایی .
- مافی پاراستن لە جیاکاری لە مامەڵەکردن و وەرگرتنی خزمەتگوزاری لەسەر بنەمای ڕەگەز و زمان و ڕەنگ و ڕەچەڵەک و بیروڕای سیاسی .

### مافی تایبەت بە نەوجەوانانی مێینە

- دانانیان لە شوێنی جیا لە ڕەگەزی نێر .
- دەبێت تەنها لە لایەن ڕەگەزی مێینەوە بپشکنرێن .
- گرتنەبەری ڕێوشوێنی پێویست بۆ پاراستنیان لە توندتیژی و گێچەڵ پێکردنی سێکسی .